هەڤاڵانی هێژا، خوێنەری خۆشەویست

ئەم نامیلکەیەی لەبەردەستتدایە کۆمەڵە نوسینێکی هەڤاڵ (دیار غەریب) سەرۆکی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستانە سەبارەت بەئامانج و بەرنامەی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان بەگشتی و لەکاتی هەڵبژاردنەکانی 25-7-2009 دا نوسیویەتی و لەرابردوودا وەکو وتارلەراگەیاندندا بڵاوکراوەتەوە، لێرەدا وەکو پێویستیەکی رێکخستنی بۆ پەروەردە کردنی ئەندامان و لایەنگرانی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان و ئەوانەی حەز بەناسینی ئەم پارتە دەکەن وەکو نامیلکە بڵاوی دەکەینەوە. بەهیواین کە بۆ ناسین و پەروەردە سوود لێوەربگرن.

کۆمیتەی راگەیاندن
پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان
2009-8-10

بەرەو هەڵبژاردن...
چیمان دەوێت؟؟!!

بەشی یەکەم

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەهاوینی داهاتوودا ئەنجام دەدرێت، ئەم هەڵبژاردنە بووە بە بابەتی سەرەکی ناوجەماوەر و راگەیاندنەکان، منیش دەمەوێت بەزنجیرە باس لەپرۆسەی هەڵبژاردن و داخوازییەکانمان بکەم لە پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی ئاینده. گومانی تێدا نییە بەشێکی زۆری جەماوەر نارەزاییە لەبارۆدۆخی ئەمڕۆی کوردستان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناخوازن پەرلەمانی ئاینده و سەرۆکی هەرێمی ئاینده، دووبارە بوونەوەی هەمان پرۆسەی رابردوو بن، بەڵکو دەخوازن گۆڕانی جەوهەری لەکارنامەو خەبات و تێکۆشانی ئەم دوو دەزگایەدا رووبدات. گۆڕانێک: کە بتوانێت ئەو دەزگایانە و گەل ئاشت بکاتەوە. لەم چوارچێوەیەدا نووسینەکەم لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن و دامودەزگاکانی هەرێم و جەماوەر چڕ دەکەمەوە.

ئێمە چۆن پەرلەمانێکمان دەوێت.؟!!

هەتا ئێستا زۆر رەخنە لەسەر پەرلەمانی کوردستان هەیە و باس لە پاسیڤ بوونی دەکرێت، ئەم بابەتە هەتا ئەو جێگەی رەخنەیە راستە، بەڵام ئەگەر ئێمە نەزانین چۆن پەرلەمان ئاکتیڤ بکەین، یاخود جۆرئەتی ئاکتیڤ کردنی نەکەین ئەو رەخنەیە بێ واتا دەبێت، دیارە ئەمەش ناچاری ئەوەمان دەکات کە لەگەڵ رەخنەکاندا پێداویستی ئاکتیڤ بوونی پەرلەمان دابین بکەین. ئەگەر پێداویستیەکانی ئاکتیڤ بوونی پەرلەمانمان دابین کرد، ئەوا گومانی تێدا نییە کە پەرلەمان ئاکتیڤ دەبێت و دەبێتە ئیرادەی جەماوەر.

پێداویستیەکانی ئاکتیڤ بوونی پەرلەمان چییە؟؟!!

1 ـ پەرلەمانتار پێش هەرکەس ئەو راستییە بزانێت و کاری پێ بکات کە دەبێت نوێنەری بەرژەوەندییەکانی گەل بێت و خۆی وەکو مووچە خۆری پارتیەک نەبینێت. واتە هەست بەو پێگەیە بکات کە تێیدایە و

بزانێت گەل چاوەڕوانی ئەوە. خۆی وەکو خزمەتکار و پەرلەمان بەجێگەی خزمەت و رێکخستنی ژیانی خەڵک بزانێت، نەک جێگەی دابینکردنی بەرژەوەندی شەخسی و حزبی.
2 ـ پەرلەمان بەگشتی و پەرلەمانتاران ئەو راستییە هەست پێ بکەن کە ئەوان بەناوی گەلەوە یاسا دادەرێژن، یاساکانیش تەنیا لەسەر بنەما و نەریتی کۆمەڵگا داناریژرێت، بەڵکو یاسا دانەر یاخود دارێژەرانی یاسا پێویستە لەدونیابینی و نرخاندن و هەڵوێستدا داهێنەر و پێشەنگ بن، نەک دەستەوەستاو بن لەبەردەم پێودانگەکانی کۆمەڵگادا و نەتوانن ئەو پێودانگانەی کە ئاستەنگن لەبەردەم گۆڕانکارییدا تێپەڕی بکەن. واتە بتوانن یاسای باش دابڕێژن و ئەو یاسایانەش کە نەگونجاون هەڵیبوەشێننەوە.
3 ـ پەرلەمانتارانی پەرلەمان هەست بەو رۆڵە بکەن کە پەرلەمان لەسیستەمێکی دیموکراتیدا هەیەتی لەچاودێریکردنی حکومەت و دامودەزگاکانی تری دەوڵەتدا. واتە پێویستە پەرلەمانی ئێمە ببێتە پەرلەمانێک لە حکومەت و دامودەزگاکانی تریش بپرسێتەوە و ئەگەر پێویست بوو ئەرکیشیان لێ وەربگرێتەوە. واتە پەرلەمان ببێتە ئێرادە بۆ چاودێری و لێپرسینەوە و بڕیاردان لەسەر بابەتە چارەنووسسازەکان.
4 ـ پەرلەمان سیستەمی پارتی دەسەڵات و پارتی ئۆپۆزیسیۆن گەرەنتی بکات و هەموو پارت و گروپەکانی پەرلەمان نەبنە دەسەڵات، وەکو ئەوەی ئێستا هەیە، چونکە ئەمە دەنگی ئۆپۆزیسیۆن بەواتایەکی تر دەنگی گەل و رەنگی گەل ناهێڵێت. بەپێچەوانەوە ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن گەرەنتی بکرێت ئەوا دەنگ و رەنگی گەل لەپەرلەماندا دیار دەبێت.
5 ـ پەرلەمان پەیرەوی ناوخۆی بەشێوەیەک رێکبخات کە هەفتانە پارت و گروپەکانی ناو پەرلەمان هەڵوێستی خۆیان بۆ راگەیاندن و جەماوەر ئاشکرا بکەن، سەبارەت بەو بابەتانەی کە جێگەی باسن، هەتا هەرکەس بزانێت هەڵوێستی هەر گروپ و لیستەیەک چییە و کامە هەڵوێست باشترە.

6 ـ كۆمیسیۆن و دەزگا تایبەتەکان کە سەر بە پەرلەمان کاردەکەن لەلایەن پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە سەرپەرشتیان بکرێت و ئەوەش بەیاسا رێکبخرێت، هەتا بتوانن باشتر چاودێری دامودەزگاکانی بەرێوەبردن بکەن و چاوی خۆیان لەبەرامبەر حکومەت و وەزارەتەکان و بەرپرسان نەگرن.
7 ـ پێویستە ئەندام پەرلەمان خەڵکی هەرجێگەیەک بێت یاخود نوێنەرایەتی کۆێ دەکات ئەوا نوسینگەی تایبەت لەو جێگەیە بکاتەوە بۆ بینینی جەماوەر و وەرگرتنی داواکانیان و بەرزکردنەوەی بۆ پەرلەمان و پێش هەرخولێکی دانیشتنی پەرلەمان ئەندامانی پەرلەمان لەناو جەماوەردا بگەڕێن و کۆڕ و کۆبوونەوە ئەنجام بدەن، هەم جەماوەر لە کاری پەرلەمان ئاگادار بکەنەوە، هەم پێشنیار و تێڕوانیشەکانیان و پرۆژەکانیان لێ وەربگرن.
ئەگەر جەماوەری ئێمە بەم چەمکە مامەڵە لەگەڵ پەرلەمانتار و پەرلەماندا بکەن و پەرلەمانتار و پەرلەمانیش بەمشێوەیە ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن ئەوا پەرلەمانی داهاتوو پەرلەمانێکی ئاکتیڤ دەبێت و دەتوانێت رۆڵێکی پۆزەتیڤ ببینێت لە گۆڕانی سیستەمی سیاسی، ئیداری، ئابووری و کۆمەڵایەتی کرودستاندا بە پێچەوانەوە ئەگەر پەرلەمان بەهەمان عەقڵییەتی ئێستا کار بکات، ئەوا هەرچەندە دەموچاوەکان و پارتەکانیش بگۆڕێن نابێتە هۆی گۆڕانێکی جەوهەری.

بەشی دووەم

ئێمە چۆن سەرۆکێکی هەرێممان دەوێت؟؟!
گومانی تێدا نییە سەرۆک لە ناورێکخراو، پارت، دەزگاو وڵاتیشدا رۆڵی دیاریکەریان هەیە لە رەوتی رووداوەکاندا. سەرۆکەکان دەتوانن ئاراستەی باش بدەنە رەوتی کۆمەڵگا، بە پێچەوانەشەوە، دەتوانن ئاراستەی چەوتیش بدەنە کۆمەڵگا، بەتایبەتی لەناو ئەو گەلانەدا کەهێشتا دام و دەزگاکان جێگیر نەبوون و تاکە کەسەکان

کاریگەرییان زیاترهەیە. لەکوردستانیشدا کە هێشتا چەمکی دام و دەزگای گەل جێگیر نەبووە سەرۆکی هەرێم دەتوانێت ببێتە نموونەیەکی باش بۆ گۆڕانی دیموکراتی، بە پێچەوانەشەوە دەتوانێت ببێتە نموونەیەکی خراپ. لەپێناوی ئەوەی سەرۆکی هەرێم یان سەرۆکایەتی هەرێم ببێتە دەزگایەک کە نوێنەرایەتی گەل بەگشتی بکات، گومانی تێدانییە کە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەناوگەلدا هەنگاوێکی گرنگە. بەڵام ئەم هەنگاوە بەتەنیا بەس نییەو هەنگاوی تری پێویستە ودەتوانم بەمشێوەیە باسی لێ بکەم.

1- سەرۆکی هەرێم پێویستە دەزگای سەرۆکایەتی لەسەر بنەمای خزمەتکردنی جەماوەر رێکبخات ولەهەر پارت و رێکخستنێک بێت، دەبێت لەسەردەمی سەرۆکایەتی کردنیدا کاروباری حزبی نەکات و دەست لەحزب بەربدات و خۆی بۆکاروباری گەل تەرخان بکات و بتوانێت عەدالەت لەنێوان سەرجەم هاوڵاتیان لایەنەکاندا بپارێزێت. ئەگەر دەست لەکاری حزبایەتی بەرنەدات گومانی تێدا نییە ناتوانێت ببێتە نوێنەری گشتی جەماوەر، جەماوەریش بەنوێنەری خۆی نازانێت. دیارە هەنگاوێکی بەمڕەنگە لەسەرتادا زەحمەتە، بەڵام گەل شتی جوان وبەسوود لەگەڵ خۆیدا دێنێ.

2-ماڵێک یاخود جێگەیەک بۆ سەرۆکایەتی هەرێم دروست بکرێت و نەبێتە موڵکی هیچ کەس و لایەنێک و ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆک لەوێ دابنیشێت و کاروخەباتی خۆی ئەنجام بدات و هەفتانە سێ رۆژ دیاری بکرێت بۆ بینینی جەماوەرو گوێگرتن لەپێشنیارو رەخنە وسکاڵاکانیان. واتە ئەم جێگەیە کراوە بێت بەرووی جەماوەردا.

3- سەرۆکی هەرێم رێز لەو مادده یاساییە بگرێت کە دەڵێت سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە دوو جار لەسەریەک ببێتە سەرۆک وکار بکات بۆ ئەوەی جەماوەر دام و دەزگاکانی هەرێم ئەم بابەتە پەسند بکەن و بیکەنە کەلتووری خۆیان، چونکە لەم بوارەدا رۆڵی سەرۆکی هەرێم کاریگەرە. بۆ نموونە جۆرج واشنتۆن کەیەکەم سەرۆکی ئەمریکا بوو توانی کەلتووریکی بەمڕەنگە لەناو جەماوەر سیاسەتمەدارانی ئەمریکادا بچێنێ کە بۆجاری سێیەم خۆی

هەڵنەبژاردەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا، هەر چەندە یاسا سنوورێکی بەمڕەنگەی بۆ دانەنابوو، بەڵام ئەو پێی وابوو کە دەست بەردان لەو پۆستە و رێگە کردنەوە لەبەردەم خەڵکانی تردا ئەوا هەم کۆمەڵگا پێش دەخات و دیموکراتیەت بەرجەستە دەکات، هەم سەرکردەکان نابنە دیکتاتۆر وبە پێچەوانەوە زیاتر لای جەماوەر خۆشەویست دەبن.

4- لەحاڵەتێکدا ئەگەر سەرۆکی هەرێم ئامادە نەبوو ئەو پرەنسیپەی سەرەوە جێ بەجێ بکات ئەوا پێویستە پەرلەمان، دام و دەزگاکانی کوردستان وجەماوەر پەسەندی نەکەن و کۆتایی بەشەرعییەتی ئەو سەرۆکە بهێنن.

5- لەلایەکی ترەوە پێویستە موچەو دەرماڵە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکایەتی هەرێم دیاریکراو بێت بەیاساو لەسنوورێکی گونجاودا بێت و رێگە نەدرێت کە سەرۆکی هەرێم پارەی گەل بۆ بەرژەوەندی تایبەت بەکار بهێنێ وکۆتایی بەو کەلتووره بهێنرێت کە سەرۆکەکان پارە دابەش بکەن بەسەر دەربارو ئەوکەسانەی کە سەردانی دەکەن. چونکە سەرۆک کاری پارە دابەشکردن نییە، بەڵکو رێگە نیشاندانی جەماوەر وچارەسەرکردنی کێشەی جەماوەرە.

ئەگەر سەرۆکی هەرێم و پەرلەمان ودام ودەزگاکان وجەماوەر بەمڕەنگە هەڵسوکەوت بکەن ولەهەمان کاتدا سەرۆکایەتی هەرێم لەچوارچێوەی ستراتیژییەکی نەتەوەییدا خەبات وتێکۆشان بکات ئەوا سەرۆکی هەرێم لەئاییندەدا دەبێتە سەرۆکی گەل بەگشتی و هەموو جەماوەر بەسەرۆکی خۆی دەزانێت وسەرۆکایەتی هەرێم دەبێتە دەزگایەک کە رۆڵێکی باش ببینێ لەبەرەو پێشچوونی تێکۆشانی دیموکراتی ونەتەوەییدا.

بەشی سێیەم:

چۆن حکومەتێکمان دەوێت؟؟!!

حکومەت لەناو سیستەمێکی دیموکراتیدا دەزگای بەڕێوەبردنەو پێویستە لەو ماوەیەدا جەماوەر متمانە دەداتە پارتیەک وهەڵیدەبژێرێت کەمتەرخەمی نەکات لەجێبەجێکردنی پرۆژەکانی و پەیمانەکانیدا. حکومەت لەسیستەمی دیموکراتیدا نابێتە دەزگایەکی حزبی و کاری حزبایەتی تێدا بکرێت، دام ودەزگاکانی سەر بەحکومەت نابنە دام ودەزگای حزبی دەسەڵات. ئەوە چەمکی سۆسیالیزمی بونیاد نراو بوو، واتە حکومەت بۆ بەرژەوەندی حزبێک کار ناکات. ئەگەر ئێمە بخوازین بەشێکی تر لەکێشەکانمان چارەسەر ببێت لە دوای هەڵبژاردن، دەبێت بزانین چۆن حکومەتێکمان دەوێت؟ یاخود چۆن حکومەتێک بۆ ئێمە پێویستە؟

1- سەرۆکی حکومەت ووەزیرەکان پێش هەرشتێک بەو لۆجیکە کار بکەن کە خزمەتکاری گەلن و ئەو کارەی دەیکەن ئەرکی خۆیانە و بەشێکە لە و پەیمانانەی کەداویانە بەجەماوەر وهەمیشە باس لەوە بکەن کە چەندێکیان ماوە پەیمانەکانیان جێبەجێ بکەن، نەک باس لەوە بکەن کە زۆریان کردووە و بیکەنە منەت بەسەر جەماوەرەوە.

2- کابینەی حکومەت بچووک بکرێتەوە، چونکە حکومەت چەندە بچووک بێت ئەوەندە چالاک دەبێت، هەروەها پارەیەکی کەمتریش بۆ کاری بیرۆکراتی خەرج دەکرێت، لەم پێناوەدا بتوانرێت حکومەت بکرێتە 10 وەزارەت باشە. کارێکی تر کە پێویستە بکرێت ئەوەیە کە بوودجەی ساڵانە وراپۆرتی خەرجکردنی کراوە بێت بۆ پەرلەمان وگەل تا توانای کۆنترۆڵکردن هەبێت. لەگەڵ ئەمەدا پێویستە حکومەت وسەرۆکایەتی حکومەت بەپێی یاسایەکی دیموکراتی ودوور لەحزبایەتی وخزمایەتی کاروباری بەڕێوە ببەن. سامان و موڵکی حکومەت بۆ خۆیان بەکار نەهێنن یاخود دەستی بەسەردا نەگرن.

3- بەیاسایەکی دیموکراتی کاری حکومەت ڕێکبخرێت کە بەرپرسانی حکومەت نەتوانن پۆستە حکومیەکانیان بۆ بەرژەوەندی تایبەت بەکار بهێنن.

4- حکومەت لەچوارچێوەی سیاسەتی پشت بەخۆبەستن و کۆتایهێنان بەو سیاسەتەی کەوابەستەی دەرەوەیە کار بکات.
5- موچەی سەرۆک وەزیرو وەزیرەکان بە یاسا رێکبخرێت ودیار بێت وکەمبکرێتەوە بۆ ئاستێک کە گونجاو بێت بە بەراوورد بەموچەی فەرمانبەران و بژێوی هاوڵاتیەکی ئاسایی.

بەشی چوارەم:
چۆن سیستەمێکی دادوەریمان دەوێت؟؟!
هەرچەندە دەسەڵاتی دادەوەری هەڵنابژێردرێت، بەڵام لەسیستەمی دیموکراتیدا دادگاکان ودادوەرو دەسەڵاتی دادوەری رۆڵێکی بەرچاویان هەیە. لەسیستەمی دیموکراتیدا دادگاو دەسەڵاتی دادوەری یەکێکە لەکۆڵەکە سەرەکییەکانی سیستەم، بەبێ بوونی دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆ، ئەوا بەو واتایە دێت کە یاسا سەروەر نییە، ئەمەش ئەم کۆڵەکە سەرەکییەی سیستەمی دیموکراتی دەخاتە ژێر گومانەوە، ئەو کاتە سیستەم بۆخۆی دەکەوێتە ژێر گومانەوە. لەسیستەمی فیودالی وسۆسیالیزمی بونیادنراودا دادگاکان لەژێر چاودێری ورێنمایی دەسەڵاتی بەڕێوەبردندا دەجولێنەوە، ئەمەش بۆ خۆی وایکردووە کە دادگاکان نەتوانن سەربەخۆ کار بکەن ویاسا سەروەر بکەن چاودێری دەسەڵاتەکانی تریش بکەن، بەڵام لەسیستەمی دیموکراتیدا دادگاکان سەربەخۆ کاردەکەن و ئازادن لەبڕیاردانەدا وتەنیا وتەنیا پابەندی یاساکانن.
ئەگەر رەچاوی سیستەمی دادوەری لەمەڕ خۆمان بکەین دەبینین کە هەتا ئێستا سەربەخۆیی نەپارێزراوە ولەژێر سێبەری دەسەڵاتی حزبدا کار دەکەن وکاریگەری دەسەڵاتی حکومەت و بەرپرسانیان بەسەرەوەیە. ئەوەش بۆ خۆی ئەزموون ودەسکەوتەکانمان لەکەردار دەکات و رێگریشە لەبەردەم چەسپاندنی دادپەروەریدا. هەر بۆیە یەکێک لەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەرشانی هەمووومان، بەتایبەتی لایەنە سیاسییەکان و یاسا ناسانەوە ئەوەیە کە کارێکی جددی بکەین بۆ جیاکردنەوە دەسەڵاتی دادوەری لەدەسەڵاتەکانی تر وپاراستنی

سەربەخۆییان، هەتا ئەم دەزگایە بتوانێت رۆڵێکی پۆزەتیڤ ببینێت لەجێگیرکردنی سیستەمی دیموکراتی وسەروەری یاسادا.
داواکارە گشتیەکان چالاک بکرێن و داواکاری گشتی بتوانێت لەسەر مافی گشتی بەدەنگ بێت و دۆز بکاتەوە و دادگاکانیش ئەو دۆزانە بەجدیی وەربگرن و بەرپرسانییش هەر لەسەرۆکی هەرێمەوە بگرە هەتا بەرپرسی بچوکترین دەزگا یاسا لەسەروو خۆیەوە ببینێت و ئامادەی لێپێچینەوەی یاسایی بێت و ئەم بابەتە وەکو ئەرکێک سەیر بکات نەک بەکەمی بزانێت بۆ پێگەی خۆی. ئەگەر هەموو لایەکمان بەمرەنگە مامەڵە لەگەڵ دەزگای دادوەریدا بکەین ئەو کاتە دەتوانین بڵێین کە کۆڵەکەیەکی تری سیستەمی دیموکراتیمان بونیاد نا.

بەشی پێنجەم:

چۆن راگەیاندنێکمان دەوێت؟؟
هەر لە کۆنەوە مرۆڤ خواستویەتی کارەکانی لەرێگەی جیاجیاوە بۆ دەوروبەر رابگەیەنێت، لەم پێناوەشدا داهێنانی زۆری کردووە، زمان، وێنەکێشان و ئەو دەزگا راگەیاندنیانەی ئەمرۆ لەژمارە ناکرێن بەرهەمی ئەم هەوڵەی مرۆڤن. لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەت وشێوازەکانی بەرێوەبەرایەتیشدا، هەم داهێنان لەم بوارەدا کراوە هەم گۆران بەسەر چۆنێتی مامەڵە کردن لەگەڵ راگەیاندن هاتووە، لەسیستەمی دەوڵەتی فیودالّی و سۆسیالیزمی بونیادنراودا راگەیاندنەکان زمانحالّی دەوڵەت بێت، بەڵام لەسیستەمی دیموکراتیدا ئەم جۆرە مامەڵەیە پەسەند ناکرێت، بەڵکو باس لەوە دەکرێت کەراگەیاندن پێویستە بۆ خۆی ببێتە دەزگایەکی سەربەخۆ، هەندێک دەڵێن دەسەڵاتی چوارەم، بەڵام ئەم دەستەواژەیە لەگەڵ سیستەمی دیموکراتی ورۆڵی راگەیاندندا ناگونجێ. لەسیستەمی دیموکراتیدا راگەیاندن دەبێت راستیەکان بگەیەنێتە جەماوەر واتە چەوتی وکارە باشەکانیش بگەیەنێتە جەماوەر هەتا جەماوەر ئ شنا بێت بەو دیاردە و

کارانەی کەلێی بێ ئاگایە. ئەمەش وا دەخوازێت کە بەیاسا ئەم کارە رێکبخرێت. ئێستا لەزۆربەی ئەو وڵاتانەی کە بانگەشەی دیموکراتی دەکەن، رێگە نادرێت کە پارتە سیاسیەکان و ئەو کەسانەی کەسیاسەت دەکەن، ببنە خاوەن دەزگای راگەیاندن یان کۆمپانیای راگەیاندنی و ئەو کۆمپانیا ودەزگا راگەیاندن، ئەو دەزگا راگەیاندیانەشی کەدادەمەزرێت، بێ لایەنیان لەحزبایەتیدا دەکرێتە مەرجی رێگە پێ دان، واتە دەزگایەکی راگەیاندن بە بەناوسەر بەخۆ بێت بەڵام ببێتە زمانحاڵی پارتێک یاخود کەسێک وسانسۆر لەسەر پارت وکەسی تر دابنێت ئەوە رێگە پێدراو نابێت، یاخود لەسەروبەندی هەڵبژاردندا لایەنداری بۆ لایەنێک نیشان بدات ئەوا ئەو دەزگایە پەخشەکەی رادەگیرێت. هەر بۆیە کەناڵەکانی راگەیاندن ناچار دەبن کەباسی هەموو لایەنە سیاسیەکان وچالاکییەکان بکەن و لەهەڵبژارنیشدا نەبن بەلایەنگری هیچ لیستە وپارتێک.
ئێمە ئەگەر بێتو بەم پێوەرەسەیری راگەیاندنی باشوری کوردستان بکەین، ئەوا دەبینین ژمارەیەکی زۆر دەزگای حزبی و بەناوسەربەخۆ هەن کە هەمیشە و بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردندا هەوڵدەدەن. دەنگی گەل و دەنگی نارازییەکان بێ دەنگ بکەن و رووی پارتەکان ودەسەڵات سپی بکەنەوە، بەشێکی زۆری بوددجەی میللەتیش بۆ ئەم دەزگایانە خەرج دەکرێت. گومانی تێدا نییە ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، چونکە ئەم بارودۆخە چارەسەر نەکرێت ئەوا راگەیاندن ناتوانێت رۆڵی خۆی ببینێت لەبونیادنانی سیستەمی دیموکراتیدا، هەر بۆیە ئەرکێکی سەرەکی تری ئەندامانی پەرلەمان وپەرلەمان ولایەنە سیاسیەکان وجەماوەر ئەوەیە کە ئەم بوارەی ژیان رێکبخەین. بۆ ئەمەش پێویستە بەیاسا ئەو دەزگاو کۆمپانیایانە رێکبخرێن یان دابخرێن. یاخود بکرێنە دەزگای ئەهلی بەڵام بودجە وەرنەگرن وسنووری پرۆپاگەندە و کارەکانیان بەشێوەیەک دیاری بکرێت کە بێ لایەن کار بکەن، یاخود بکرێنە ماڵی گشتی وئەوکاتەش هەر لەچوارچێوەیی یاسا ورێسای دیموکراتی وسەربەخۆ و بێ لایەنانەکار بکەن لەیاسای کاری راگەیاندنیشدا ئەو مەرجانە

دیاری بکرێن وراگەیاندن(تیڤی، رۆژنامە، رادیۆ)ی پارتەکان قەدەغە بکرێن.
ئەگەر ئێمە بۆێرانە لەم بوارەدا هەنگاوێک بنینین، ئەوا گومانی تێدا نییە کەدەتوانرێت بوارێکی تری ژیان لەچوارچێوەی سیستەمی دیموکراتیدا رێکبخرێت.

بەشی شەشەم:

جیاکردنەوەی دەسەڵاتی مەدەنی وسەربازیمان دەوێت؟؟!!
یەکێک لەو فاکتەرانەی تر کە سیستەمی دیموکراتی پێ جیا دەکرێتەوە، لەسیستەمەکانی تر جیاکردنەوەی دەسەڵاتی مەدەنی وسەربازییە لەیەکتر. لەسیستەمەکانی دەوڵەتی دەرەبەگایەتی، سوسیالیزمی بونیادنراوو فاشیستەکاندا. دەسەڵات لەرێگەی سوپا و هێزەوە فەرمانڕەوایی خۆی دەسەپێنێ و دەسەڵاتدارەکان، دیکتاتۆر بن، مۆنارشی بن، یان یان دەستەو تاقمێک بن. مەدەنی بن یا خود سەربازی، هەوڵ دەدەن کە سوپا و هێز بخەنە خزمەتی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیانەوە. ئەوانە هێزی سەربازی بەئامرازێک دەبینن بۆ ئەو ئامانجەی خۆیان. هێزی سەربازیش دەکەوێتە خزمەتی دەسەڵاتەوە. بەڵام لەسیستەمی دیموکراتیدا سنوورێکی یاسایی بۆ ئەم بابەتە دانراوە. لەیاسادا دەسەڵاتی مەدەنی ودەسەڵاتی سەربازی لەیەکتری جیادەکرێنەوە. هەر دووکیشیان بەیاسا رێکدەخرێنەوە وبەیاساش بەشداریکردنی هێزی سەربازی لەسیاسەتی ناوخۆدا قەدەغە دەکرێت و ئەو هێزە ملکەچی یاساو رێساکان دەبێت و بەمشێوەیە رێگە لەوە گیراوە کە دەسەڵاتی مەدەنی هێزی سەربازی بۆ مەبەستی خۆی بەکار بهێنێ ورێگە لەهێزی سەربازیش گیراوە کەدەست وەربداتە ناو کاروباری بەرێوەبەری وڵاتەوە.
دیارە ئەگەر ئەم بوارە ژیانی خۆمان سەیر بکەین، ئەو واقیعە دەبینین کە ئێمە نەمانتوانیوە کارێکی بەمڕەنگە بکەین. رەنگە هەتا ئێستاش

لای ئێمە هێزی سەربازی راستەوخۆ نەیتوانی بێت دەست لەکاروباری بەڕێوەبردن وەربدات، بەڵام هێزە دەسەڵاتدارەکان ئەو هێزە سەربازییەی کە هەیانە بۆ مەبەستی خۆیان و لەپێناو چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیاندا بەکاریان هێناوە، دیارە ئەمەش هەڵویستەیەکی جددی وپێویستە. ئێمە پێویستە یەکەم جار هێزە چەکدارە حزبیەکان هەڵبوەشێنینەوە، دووەم جار بەیاساو لەرێگەی وەرگرتنی نوێوە هێزێکی سەربازی پێشمەرگەی سەربەخۆ دروست بکەین کە سەربەهیچ حزب و لایەنێک نەبێت و سنووری کارەکانی دیاری بکرێت بەوەی کەدەست وەرنەدات لەسیاسەتی ناوخۆی وڵاتدا. هەروەها سنوور بۆ دەسەڵاتی مەدەنیش دابنرێت کەنەتوانێت بەهیچ شێوەیەک ئەم هێزە بۆ مەبەستی خۆی بەکار بهێنێ.
گۆمانی تێدا نییە ئەگەر ئێمە ئەم هەنگاوەمان نـ ئەوا دەتوانین کۆڵەیەکی تری سیستەمی دیموکراتی جێگیر بکەین و هەنگاوێکی باش بەو ئاراستەیە دا بنێنین.

بەشی حەوتەم:

رێکخستنی کاری پارتە سیاسییەکانمان دەوێت؟؟
رێکخستنی کاری پارتی سیاسیەکان لەکۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگوڕێت. لەکۆمەڵگای دەوڵەتگەرا فاشیست وسوسیالیستەکاندا پارتی هەموو کۆمەڵگا کۆنترۆڵ دەکات وسیستەمی تاک پارتی لەناو کۆمەڵگا پەیرەو دەکرێت، خۆ ئەگەر پارتی جوداش هەبن ئەوا رێگەیان پێ نادرێت سیاسەتێکی ئاکتیڤ بکەن، واتە تەنیا پارتی یەکەم مافی سیاسەتێکی چالاکی هەیە، ئەم پارتە دەست بەسەر هەموو دام و دەزگاکاندا دەگرێت و دەیانکاتە دەزگای حزبی و بە مۆڵکی خۆی دەزانێت، هەموو جۆرە چالاکییەک لەناو ئەو دەزگایانەدا بۆ پارتی دەسەڵات رەوایە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک مافی پارت و کەسی تر نییە کە کاروچالاکی لەناو ئەو دەزگایانەدا ئەنجام بدات. لەهەموو

مەترسیدارتر پارتی دەسەڵات دەستە بەسەر هێزی سەربازی و پۆلیس وئاسایش ودەزگاهەواڵگرییەکاندا دەگرێت و بۆ مەبەستی خۆی بەکاریان دەهێنێ. بە پێچەوانەوە لەسیستەمی دیموکراتیدا تاکڕەویی پارتەکان پەسەند ناکرێت و فرە پارتیبوون هەیە، پارتەکان تەنیا وەک و رێکخستنێکی سیاسی و مەدەنی تێکۆشان دەکەن و پارتەکان ئەو مافەیان نییە کەدەست بخەنە ناوکاری سەرباز، پۆلیس، ئاسایش و دەزگا هەواڵگرییەکان.

ئەگەر ئێمە سەیری بارۆدۆخی باشووری کوردستان بکەین، دەبینین پارتیبوون و رێکخستنی پارتەکان لەچوارچێوەی پرەنسیپەکانی دیموکراتیدا نییە، هەر چەندە باسی دیموکراتی دەکرێت، بەڵام پارتەکان دەسەڵات هێشتا ئامادەی ئەوە نین کە فۆرمیلەی پارتە دیموکراتەکان بۆخۆیان پەسەند بکەن. هەر بۆیە کارێکی کە لێرە بەدواوە بەتایبەتی دوای هەڵبژاردن بکرێت بابەتی سەرەکی ئەوەیە کە پارتەکان لەچوارچێوەی یاسا و پرەنسیپەکانی دیموکراتیدا رێکبخرێن، چونکە بەبێ هەنگاوی بەمرەنگە ئەو پارتانە ئامادە نابن، بگەڕێنەوە بۆ رای جەماوەر، ئەمەش بۆ خۆی سیستەمی دیموکراتی، پرۆسەی هەڵبژاردن ودەنگدان بێ واتا دەکات ولەئەنجامی ئەمەدا جەماوەر بەسیستەمی دیموکراتی و پرۆسەی دەنگدان بێ باوەڕ دەبێت. ئەوەش ئەو ئەرکەمان دەخاتە پێش کە جەخت لەسەر گۆڕینی مۆدیلی پارتایەتی بکەینەوە لەرووی کرداریشەوە ئەم بارۆدۆخە کۆتایی پێ بهێنیین. ئەگەر لەسیتەمی پارتایەتیدا گۆڕانکاری ریشەیی ئەنجام نەدەین ئەوا ناتوانین سیستەمی دیموکراتی گەرەنتی بکەین.

بەشی هەشتەم

رێکخستنی دیموکراتیانەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیمان دەوێت

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەرچەندە ناوەۆ َک و سەرەتاکانی بۆ سەردەمی سەرەتای دروستبوونی دەوڵەت دەگەڕێتەوە، ڕێکخستنی ئەم بوارە هەوڵدان بووە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا یاخود بەشێکی کۆمەڵگا لەدەرەوەی دەسەڵات ودەوڵەت خۆی ڕێکبخات وخۆی بپارێزێت؛ بەڵام وەکو دەستەواژە نوێیەو لەسەردەمی ڕێنسانسی ئەورووپاوە سەری هەڵداوە و بووە بە ڕۆژەڤی کۆمەڵگاکان. بەڵام نابێت ئەو ڕاستیەش لەبیر بکەین کە تێڕوانین بۆ ئەم دەستەواژە و بواری ژیان بەپێی ئایدیاو کۆمەڵگاکان دەگۆڕێت و هەمووشیان وەک یەک نین. بۆ نموونە لەسیستەمی سۆسیالیزمی بونیادنراودا، سەندیکاکان ڕۆڵی سەرەکیان هەیەو ڕێکخراوە وکۆمەڵەکان کەمن و ئەگەر هەشبن ئەوا پێویستە لە ژێر چەتری پارتی دا بن. واتە سەندیکا و ڕێکخراوەکان بەشێکن لەپارت و بەوێنەی کۆمیتە یاخود لێژنەیەکی پارتی هەڵسوکەوت دەکەن. بەڵام لای پارتە سۆسیال دیموکرات ودیموکراتەکان ڕەوش پێچەوانەی ئەوەیە و ڕێکخراوی مەدەنی وسەندیکا سەربەخۆ لەپارت و دەسەڵات دروست دەبن. بەڵام ڕێگەی بەشداریکردنی سیاسەت و قسە کردنیان لەسەر سیاسەت لێ دەگیرێت وسیاسەت تەنیا بەمافی پارتەکان دادەنرێت. ئەوەی ئێمەش دەیخوازین و بە پێ پێوانەکانی سیستەمی کۆنفیدراڵی دیموکراتی ئەوەیە کە ڕێکخراوی مەدەنی لەدەرەوەی پارت دروست ببن، بەڵام مافی بەشداریکردنی سیاسەتی و بەڕێوەبردنیان هەبێت وئەمەش بەیاسا ڕێکبخرێت. بۆچی ئێمە ئەم مۆدیلە داوا دەکەین. چونکە بە پێی سیستەمی سۆسیالیزمی بونیاد نراو هەڵس وکەوت بکەین، ئەو کاتە ڕێکخراو و سەندیکا دەبنە پاشکۆی پارتەکان وهەڵویستیان وێنەی هەڵوێستی پارتەکەیان دەبێت. بۆنموونە ڕێکخراوێکی لاوان یاخود ژنان ئەگەر پارتەکەیان لەدەسەڵاتدا بێت ئەوان لاوان وژنان ڕێکناخەن بۆ دروستکردنی فشار لەسەر دەسەڵات، بە پێچەوانەوە کار دەکەن بۆ بێدەنگکردنی ئەو توێژەی کە نوێنەرایەتی دەکەن، ئەمڕۆ لەکوردستانیشدا ئەم نموونەیەمان لەبەردەمدایە و ئەمەش خزمەت بەکۆمەڵگا ناکات. خۆ ئەگەر بەپێی سیستەمی دیموکراتی

لیبرالْیش هەڵسوکەوت بکەین ئەوا ڕێکخراوەکان نابنە پاشکۆی دەسەڵات وپارتە سیاسیەکان بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێگەی سیاسەتکردنیان لێ دەگیرێت ئەوا چالاک نابن و کاریگەرییان لەسەر ئاڕاستەکردنی سیاسەت و دەسەڵات نابێت ئەمەش جارێکی تر خزمەت بەکۆمەڵگا ناکات. بەڵام ئەو مۆدیلەی ئێمە باسی دەکەین هەم سەربەخۆیی ڕێکخراوەکان دەپارێزێت وهەم مافی بەشداریکردنی ڕێکخراوەکان لەسیاسەتدا دەپارێزێت. بەم پێیە ڕێکخراوەکان نابنە پاشکۆی پارت و دەسەڵات و لەدەرەوە سیاسەتیش نامێننەوەو دەتوانن چالاکانە سیاسەت بکەن و نوێنەرایەتی ئەو توێژ وکۆمەڵانە بکەن کەلەناویدا دروست بوون. دیارە ئەوەش لەخۆوە دروست نابێت و پێویستی بەیاسا هەیەو بەیاسا ڕێکدەخرێت، ئەگەر پەرلەمانی ئایندە یاسایەکی تایبەت بەم بوارە دابڕێژێت وئەو مەرجانەی تێدا دەستەبەر بکرێت، ئەوا دەتوانێت لەکوردستاندا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ڕێکبخەین و چالاکییان بکەین و لەو قەیرانە رزگاریان بکەین کە ئەمڕۆ تێیدان و ئەمەش هەنگاوێکی تر دەبێت بۆ بونیادنانی سیستەمێکی دیموکراتی.

خوێندنەوەیەک بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان
دیار غریب

هەڵبژاردن وەکو پرۆسە یەکێکە لەکۆڵەکەو پرەنسیپەکانی سیستەمی دیموکراتی ، ئەگەر سیستەمێک رەوایەتی خۆی لە هەڵبژاردن ودەنگی گەلەوە وەرنەگرێت ئەوا ئەو سیستەمە بەدیموکرات ناژمێردرێت ودەسەڵاتیش بەهەمان شێوەیە . واتە بۆ ئەوەی سیستەمێک دیموکرات بێت وەکو هەنگاوی یەکەم دەبێت باوەڕی بەگەڕانەوە بۆ رای جەماوەر هەبێت و رەوایی خۆی لەدەنگی جەماوەر وەربگرێت. بەواتایەکی تر هەڵبژاردن وسیستەمی دیموکراتی دوانەیەکی لێک دانەبڕاون. دیارە کە باس لەهەڵبژاردنیش دەکەین ناتوانین هەموو دەنگدان و هەڵبژاردنێک بەپرۆسەیەکی

دیموکراتی ناودێر بکەین. یاخود لە هەر جێگەیەک دەنگدان ئەنجامدرا ئەوا بڵێین ئەو سیستەمە دیموکراتە. چونکە زۆرجار دەسەڵاتە تۆتالیتارەکانیش بۆ رەوایدان بەخۆیان پەنا بۆ پرۆسەی دەنگدان دەبەن، نموونەی هەرە بەرچاو دەنگدانەکانی سەردەمی رژێمی سەدام بوو کە پێیان دەگووت بەڵێن دووپات کردنەوە. لێرەوە ئەو پرسیارە رووبەروومان دەبێتەوە ئایا دەتوانرێت کام پرۆسەی دەنگدان بەهەڵبژاردنێکی رەوا و دیموکراتی بەناو بکرێت. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە باسکردنی چەند پێوەرێکی سەرەکی رەوایی بوون و پرەنسیپی دیموکراتی دەتوانێت هاوکارمان بێت.
سەرەتا من دەمەوێت پرۆسەی هەڵبژاردن بەچەند قۆناخێک باس بکەم. قۆناخی یەکەم دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردن و ناونوسینی ئەو قەوارانەی دەخوازن بەشداری پرۆسەکە بکەن. قۆناخی دووەم قۆناخی بانگەشەی هەڵبژاردنە، قۆناخی سێیەم رۆژی دەنگدانە و قۆناخی چوارەمیش راگەیاندنی ئەنجامەکان و مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەنجامەکاندا. واتە ئەگەر بمانەوێت بڕیار لەسەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن بدەین ناتوانین تەنیا قۆناخێک بکەینە پێوەر.
یەکەم: هەموو پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی دیموکراتی دەرفەتی یەکسان دەدات بە هەموو کەس و لایەنێکی سیاسی کە بخوازێت بەشداری پرۆسەکە بکات. تەنیا ئەو کەس و لایەنانە نەبێت کە تۆمەتێکی یاساییان لەسەر بێت. ئەگەر نا ابێت بیرو رای جیاواز ببێتە هۆی بێبەشکردنی کەسێک یاخود لایەنێک. ئەگەر لەپرۆسەیەکی هەڵبژاردندا بیروڕای جیاواز بووە هۆکاری ئەوەی لایەنێک یاخود کەسانێک بێبەش بکرێن لە بەشداریکردن لەپرۆسەکەدا ئەو کاتە ئەو پرۆسەیە یەکێک لە بنەماو کۆڵەکەکانی دیموکراتی لەدەست دەدات. چونکە بێبەشکردنی لایەنێک لەسەر بیروڕای جیاواز ئەوە دەگەیەنێت کە لایەنێک یاخود ئایدیایەک کۆنترۆڵی هەڵبژاردن دەکات نەک یاسا. چونکە یاسا و پرەنسیپی دیموکراتی دەرفەتی یەکسان دەداتە هەموو بیر وبۆچوونە جیاجیاکان. بەڵام ئەگەر لایەنێک یاخود ئایدیایەک باڵادەست بێت ئەو کاتە ئەو

لایەنە یان ئایدیایە ناخوازێت لایەنی جیا و ئایدیای جیا بەشداری پرۆسەکە بکەن. بۆنمونە ئەمڕۆ لە ئێراندا هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، بەڵام کەسێک کە سەر بەئاینزای شیعە نەبێت رێگەی پێ نادەن کە بەشداری هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بکات. یاخود ئەگەر شیعەش بێت بەڵام گومانی لێ بکرێت کەدەسەڵاتی ولایەتی فەقێ قبوڵ ناکات ئەوا رێگەی پێ نادرێت بەشداری ململانێکانی هەڵبژاردن بکات. ئەمەش ئەو بابەتەیە کە زۆر ڕەخنە دەکرێت لەسیستەمی ئێراندا. لەم ڕووەوە سەیری پرۆسەی هەڵبژاردنی باشووری کوردستان بکەین دەبینین کە دەرفەتی یەکسانی نەخولقاند بۆ هەموو کەس و لایەنێک کە بەشداری هەڵبژاردن بکەن، ئەوەبوو بەبێ هیچ تۆمەتێکی یاسایی و بڕیارێکی دادگا لیستی (هیوا) یان بێبەش کرد لەبەشداریکردن لەپرۆسەکەدا، ئەمەش بووە هۆکار کە لەم قۆناخەوە گومان بکەوێتە سەر پرۆسەکە. شانبەشانی ئەمە لەکاتی ئاسایدا بەلایەنی کەمەوە شەشە م نگ پێش کاتی دەنگدان رۆژی دەنگدان دیاری دەکرێت و یاساکانی هەڵبژاردن ئاشکرا دەکرێت. ئ مانج لەمە ئەوەیە کە ئەو کەس و لایەنانەی دەخوازن بەشداری بکەن بەپێی ئەو یاسا و رێسایانە خۆیان ئامادە بکەن. بەڵام لەم بوارەشدا پرۆسەکەی خۆمان کورتی هێنا و تەنیا مانگێک پێش کاتی ئاسایی هەڵبژاردن رۆژی دەنگدان دیاری کرا. خۆ ئەگەر پرۆسەی دەنگدان دوا نەخرایەوە ئەوا مەگەر تەنیا لایەنکانی دەسەڵات بیانتوانیایە بەئامادەکارییەوە بەشداری پرۆسەکە بکەن.

دووەم: لەسیستەمێکی دیموکراتدا دوای ئاشکرابوونی لایەنە بەشدارەکانی هەڵبژاردن قۆناخی بانگەشەی هەڵبژاردن دەست پێدەکات. لەم قۆناخەشدا دەرفەتی یەکسان دروست دەکرێت بۆ هەموو لایەنەکان کە بانگەشە بۆ خۆیان بکەن. واتە لەم قۆناخەدا دەبێت زەمینەی دیموکراتی ودەرفەتی یەکسان وململانێی قەوارەکان دەستەبەربکرێت. ئەم دەرقەتە چۆن دەخولقێندرێ؟ ئازادی هاتووچۆو بڵاوکردنەوەی بەرنامەی لایەنەکان،واتە پێویستە هیچ لایەنێک لەکاتی هاتوو چوون و بڵاوکردنەوەی بەرنامەو رێکلامی خۆیدا

ئاستەنگی بۆ دروست نەکرێت(ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئەو لایەنانە یاسا و ڕێساکانی ژیان بن پێ بکەن)، لایەنەکان بتوانن لەهەموو جێگەیەکی ڕێگە پێدراودا بنکەی هەڵبژاردن بۆ خۆیان بکەنەوە. بەیەکسانی مافی دەستەبەرکردنی جێگەی کۆڕ و کۆبوونەوەی جەماوەری بۆلایەنە بەشدارەکان، دەرفەتی یەکسان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن لە ڕاگەیاندنەکاندا و بێ لایەنی ڕاگەیاندنەکان لەم پرۆسەیەدا دەستەبەر دەکرێت. واتە لەکاتی هەڵبژاردندا بە پێی سیستەمی دیموکراتی پێویستە ڕاگەیاندن بێ لایەن بێت وهەوڵبدات کە قەوارەکان و بەرنامەکانیان بۆ جەماوەر ئاشکرا بکات، نوێنەری لیستەکان ڕووبەڕووی یەکتر و ڕووبەڕووی جەماوەر بکاتەوە، هەتا جەماوەر بتوانێت لەناو لیستەکاندا باشترین نوێنەرو بەرنامە هەڵبژێرێت. هەروەها ڕێگە نەدان بەهیچ لایەنێک کە دەسەڵات و سامان وجێگەی حکومی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار بهێنێت. ئەگەر ئەم بنەمایانە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا ڕەخسێندرا ئەوا دەتوانریێت بگوترێت کە ئەم قۆناخەی هەڵبژاردن باش بەڕێوە چووە.

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری ئەم قۆناخەی هەڵبژاردنەکانی لای خۆمان بکەین شتی جیاواز دەبینین. ئەوەی کە لەکوردستاندا بینرا دۆخێکی بەمرەنگە نەبوو. تارادەیەک دەتوانین بڵێین لەهاتن و چووندا و لەدروستکردنی بنکە و بڵاوکردنەوەی ڕێکلامەکاندا ئاستەنگی نەبوو، بەڵام زۆربەی لایەنەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد ئەو جێگایانەی کە لەلایەنی شارەوانییەوە بۆ هەڵواسینی ڕێکلام دیاریکراوە بۆ لیستی کوردستانی کە لیستی هەردوو پارتی دەسەڵاتدارە پاوان کرابوو. هەروەها لایەنەکان سکاڵایان لەسەر دەزگاکانی ئاسایش هەبوو کە بێدەنگە لەبەرامبەر لێکردنەوەی ڕێکلامی لیستەکان بێجگە لەلیستی کوردستانی. بابەتێکی تر کە جێگەی نیگەرانی جەماوەر بوو ئەوەبوو کە زۆربەی ئەو جێگایانەی کە دەتوانریت کۆڕ کۆبوونەوەی تێدا ئەنجام بدرێت بۆ لیستی کوردستانی پاوان کرابوون و چەندین جار دکتۆر کەمال میراودەلی ئاماژەی بەوە کرد کە جێگەی دەست ناکەوێت کۆڕوکۆبوونەوەی تێدا

ئەنجام بدات. هەرچی راگەیاندنیشە لەباشووری کوردستاندا بێ لایەن نەبوون، ئەوەتا لایەنەکانی دەسەڵات بەپارەی گەل کۆمەڵێک دەزگای گەورەی راگەیاندنیان دامەزراندووەو بەپارەی گەل بەڕێوەی دەبەن و لەڕێگەیانەوە بانگەشە بۆ خۆیان دەکەن و هەر ئەم راگەیاندنانە قەوارە و لیستەکانی تر بەهەڕەشەو مەترسی دەستنیشان دەکەن. واتە لەرووی راگەیاندنییەوە لەهەرێمی کوردستاندا دەرفەتی یەکسان نەخولقێندراوە. بێجگە لەمەش دەسەڵات بۆخۆی بە رەوای زانی چۆن بخوازێت دەزگاو دامەزراوە حکومیەکان بۆ خۆی بەکار بهێنێ. بۆ نموونە مانگێک زیاتر سەرۆکی کۆماری ئێراق و بەرپرسیارانی هەر دوو پارتی دەسەڵاتدار لەهەرێمدا کۆڕو کۆبوونەوەیان بۆ دام و دەزگا حکومی (مەدەنی و سەربازی)یەکان کرد و بانگەشەیان بۆ لیستەکەی خۆیان و کاندیدی سەرۆکی هەرێم کرد و ئەوانەشی بەشداری ئەم هەڵمەتە نەبوون لەئەرکەکانیان دوور خرانەوە، واتە وێنەی دام ودەزگا حزبیەکانی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ دام و دەزگا حکومییەکاندا کرد، کەئەمەش بەشێکە لەکەلتووری سیستەمە گشتگیر و تۆتالیتارەکان نەک سیستەمە دیموکراتەکان. واتە لێرەشدا نەدەرفەتی یەکسان هەیەو نە بەعەقڵییەتی دیموکراتی هەڵس و کەوت لەگەڵ ململانێدا نەکراوە.

خاڵێکی تر کە گرنگە رەچاو بکرێت ئەوەیە کە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ هەموو لایەک وەکو یەک بێت، واتە یەک بەروار دیاری بکرێت و هەموو لایەنەکان دەست بە بانگەشەی خۆیان بکەن. بەڵام لەکوردستان سەرەڕای ئەوەی کە لایەنەکانی دەسەڵات بەشێوەی نایاسایی و پێش کاتی دیاریکراو دەستیان بەبانگەشەی هەڵبژاردن کرد، کەچی فشار خرایە سەر کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان هەتا کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن کورت بکرێتەوە، ئەمەش بۆ خۆی ئەوەندەی تر دەرفەتەکە بەلای دەسەڵاتدا لاسەنگ کرد، چونکە لیستی کوردستانی دەسەڵات وتوانای حکومەتی بۆ خۆی بەکار دەهێناو دەستی بەبانگەشە کردبوو، بەڵام لایەنەکانی ترهەم دەرفەتی یەکسانیان بۆ نەخوڵقێندرا، هەم لەکاتیشدا سنووردار دەکرێن. لەکۆی

ئەم بابەتانەوە دەتوانێن بڵێین لەهەڵبژاردنی هەرێمی کوردستاندا دەرفەتی یەکسانی بۆ ململانێ نەخولقایدرا، ئەمەش بەشێکی تری پرۆسەکە دەخاتە ژێر گومانەوە.
بابەتێکی تر کەبانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پێ دەپێورێت ئسلوبی بانگەشەیە. لە هەموو سیستەمە دیموکراتەکاندا پارت و لایەنەکان لەرێگەی بەرنامەی خۆیانەوە پەیمانی چاککردنی ژیانی خەڵک دەدەن و لەم پێناوەدا باس لەپرۆژەکانیان دەکەن، واتە لەرێگەی بەرنامەو پرۆژەوە پەیمان بەچین و توێژەکان دەدەن کە باری گوزەرانیان باش بکەن و پەیمانی تایبەت و بەرتیلدان قەدەغەیە. واتە لایەنێک ئازادە بڵێ ژیانی فەرمانبەران باش دەکەم و موچەیان دووقات دەکەم، بەڵام قەدەغەیە پەیمانی تایبەت بەکەس بدات. لەهەمان کاتدا لیستەکان لەناو جەماوەردا بۆ سەرخستنی هەڵمەتی هەڵبژاردن هاوکاری کۆ دەکەنەوە نەک شت دابەش بکەن. ئەمەی دووەمیان دەکەوێتە چوارچێوەی بەرتیلەوە. هەروەها کاندید و نوێنەری لیستەکان لەراگەیاندا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، ئەگەر لەم بوارانەشدا سەیری لای خۆمان بکەین، دەبینین کە زیاتر لەپرۆژەی گشتی و بەرنامەی کارو ڕووبەڕووبوونەوەی یەکتر، پەیمانی شەخسی دەدرێتە هاوڵاتیان و لەجێگەی فێرکردنی جەماوەر بۆ بەشداری چالاکانەی هەڵبژاردن وکۆکردنەوەی هاوکاری، جەماوەر فێری ئەوە کراوە کە لەکاتی هەڵبژاردندا دیاری وەربگرێت و پارەی بدرێتێ هەتا دەنگ بەلایەنێک بدات یاخود دەنگ بۆ لایەنێک کۆبکاتەوە. دیارە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە نە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان و نەلایەنەکانی دەسەڵات کارێکی جددیان نەکردووە بۆ ئەوەی جەماوەر فێری بەشدارییەکی چالاکانە و دیموکراتیانەی پرۆسەی هەڵبژاردن ببێت، ئەمەش لایەنێکی تری هەڵبژاردنەکان ناشیرین دەکات.

سێیەم: لەقۆناخی دەنگداندا لەسیستەمێکی دیموکراتدا هاوڵاتی ئازادە لەبەکارهێنانی دەنگەکەیدا یان بەکار نەهێنانی، پرۆسەی

دەنگدانیش بەنهێنی دەبێت. لەم قۆناخەدا پێویستە کۆمیسیۆنی سەرپەرشتیاری پرۆسەکە رێگە نەدات کە هیچ کەسێک دەنگی زیادە بەکاربهێنێت و هیچ لایەنێک پرۆسەکە بخاتە ژێر گومانەوە. واتە هەم دەبێت لایەنەکان بەئەمانەتەوە هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ پرۆسەکەدا و هەم کۆمیسیۆنیش بێ لایەنی خۆی بپارێزێت. دەسەڵات و دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشیش پێویستە بێ لایەن بن و رێگە نەدەن پرۆسەی دەنگدان بەئاراستەیەکی نارەوادا ببەن. کاتێک بەم پێوانەیەش پرۆسەی دەنگدانی هەرێمی کوردستان بپێوین، بەپێی راپۆرتی چاودێران و ژمارەیەک لەهاوڵاتیان لەژمارەیەک وێستگەی دەنگداندا دەنگدەر زیاد لەجارێک دەنگی بەکارهێناوە، ئەم کارەش وەکو باس دەکرێت بەشێوەیەکی رێکخراوبووە و بەرپرسانی لیستی کوردستانی لەپشتەوە بووە. لەم پێشێلکاریەدا بەرپرسانی کۆمیسیۆنیش بێدەنگ بوون. ئەمش بۆخۆی پرۆسەی دەنگدان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و دیموکراتیزە بوونی ئەم پرۆسەیە لەکەدار دەکات.

چوارەم: دوا قۆناخی پرۆسەکە راگەیاندنی ئەنجام و مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەنجامەکاندا. لەپرۆسەی دیموکراتیدا لایەنەکان بەسنگێکی فراوانەوە ئەنجامەکە پەسند دەکەن و سەیرکردنیان بۆ سەرکەوتن و بن کەوتن ژمارەی دەنگ و بەدەستهێنانی کورسی نییە، بەڵکو سەرکەوتنی پرۆسەکە و خاوێنی پرۆسەکە بەبنەما دەگرن. واتە بەکاردانەوە هەڵسوکەوت ناکەن. لەم ڕوانگەیەوە سەیری پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بکەین دەبینین لەم بوارەشدا مامەڵەیەکی دیموکراتیانە لەگەڵ ئەنجامەکاندا نەکراوە، ئەوەتا ئەنجامەکان بە تەقە کردن پێشوازی دەکرێت، هێرش دەکرێتە سەر بنکەو بارەگای لایەنەکان و حەساسیەت هەیە لەراگەیاندنی ئەنجامەکاندا. ئەمەش ئەوەندەی تر پرۆسەکە لاواز دەکات.

بێجگە لەم بابەتانە سەربەخۆیی و بێ لایەنی دەستەی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکان لەسیستەمی دیموکراتیدا مەرجێکی تری پرۆسەی هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانەیە. بوونی دەستەی بەمرەنگە گەرەنتی لایەنێکی پرۆسەکە دەکات و بە پێچەوانەوە

بەتەواوی پرۆسەکە ناڕەوا دەکات. ئەمڕۆ لەکوردستاندا دەستەیەک هەیە کە بەشێکە لەکۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە ئێراقدا. لە 5 ساڵی رابردوودا ئەم کۆمیسیۆنە هەندێک سەربەخۆیی خۆی پاراست. ئەوە بوو لەهەڵبژاردنەکانی 31-1-2005 لەریفراندۆم لەسەر دەستوور لە 15-10-2005 ی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ئێراقدا ئەم کۆمیسیۆنە لەرووی کردارییەوە تا رادەیەک سەربەخۆیی خۆی پاراست و بەپێی بڕیارو راسپاردەکانی خۆی مامەڵەی کرد و ئەمەش لایەنێکی پۆزەتیڤی پرۆسەکان بووە. بەڵام لە هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستاندا هەتا ئێستا هەر لە دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردنەکانەوە هەتا تۆمار کردنی ناوی قەوارە سیاسیەکان وکاندیدەکان و دیاریکردنی وادەی بانگەشەی هەڵبژاردن و درێژکردنەوەی کاتی دەنگدان و ئەو رەخنانەی کە لەکاتی دەنگداندا رووبەڕووی کۆمیسیۆن کرایەوە ئەوە نیشان دەدەن کەئەم کۆمیسیۆنە نەیتوانیوە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت.ئەوەبوو پارتەکانی دەسەڵات و پەرلەمانی کوردستان دەستیان لەکارو باری کۆمیسیۆن وەرداو بەگوێرەی داخوازی خۆیان مامەڵەیان کردووە نەک بەگوێرەی یاسا وبڕیاری کۆمیسیۆن، ئەمەش وایکرد کە کاتی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن تاماوەیەکی درێژ نەزانرێت. دیارە ئەم جۆرە مامەڵانە و بێ دەنگی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەم دەزگایە دەخاتە ژێر پرسیارو گومانەوە کە ئایا بەشێوەیەکی بێ لایەن وسەربەخۆ وسەرکەوتوو سەرپەرشتی پرۆسەکەی کردووە یان نا.

ئەم بابەتانەی باسمان کرد هەموو بوارەکان نییە، بەڵکو لایەنە سەرەکییەکانی پرۆسەکەن کە پرۆسەکە ناڕەوا دەکەن و ئەرکی دەسەڵات و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانە چارەسەرییان بۆ بدۆزنەوە و چارەسەری بکەن، ئەگەر ئەم لایەنانە چارەسەر نەکرێن ئەو کاتە رەوایی هەڵبژاردن ودەنگدان نامێنێ و ئەو لایەنەشی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ رەوایی نابێت چونکە لەپرۆسەیەکی ناڕەوادا رەوایی وەردەگرێت.

وەکو ئەنجام ئەگەر بەپێوانی ساڵی 1992 یان 2005 پرۆسەکە بپێوین یاخود سیستەمەکانی نیوەدوورگەی عەرەب بپێوین دەتوانین بڵێین ئێمە هەنگاومان ناوە، بەڵام ئەگەرپرەنسیپ و پێوانکانی دیموکراتی بکەینە پێوان دەتوانین بڵێین ئەمجارەش ئێمە لەتاقیکردنەوەی دیموکراتیدا سەرکەوتوو نەبوین، ئەمەش بۆ ئەزمونی گەلەکەمان زیانێکی گەورەیەو ئەوەی بەرپرسیاری یەکەمە لەم بارودۆخە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانە. پێویستە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان وێنەی جۆرج واشنتۆن و تۆماس جیڤەرسۆن مێژوو بۆخۆیان دروست بکەن، نەک بەمشێوەیەی ئێستا. جۆرج واشنتۆن کاتێک سەرکدایەتی شەڕی رزگاری ئەمریکای کرد و دوو جاریش بۆ سەرۆکایەتی ئەو وڵاتە هەڵبژێردرا، ئەوەندە خۆشەویست بوو کە دەیتوانی دووجاری تریش ببێتە سەرۆکی ئەمریکاو هیچ یاسا ورێسایەکیش نەبوو رێگر بێت لەبەردەمیدا، بەڵام ئەو بۆخۆی ئەم کارەی نەکرد و گوتی خەڵکانێک هەن لێرە بەدواوە دەتوانن لە من زیاتر خزمەتی ئەمریکا بکەن، ئەم هەڵوێستە ئەم مرۆڤەی خستە ناو دڵی هەموو ئەمریکاییەکەوە. بەردەوامبوونی تۆماس جیڤەرسۆنیش لەسەر ئەم نەریتە بنەمای دیموکراتیەتی ئەمریکای دارِشت و ئەو دەسکەوت و پێشکەوتنانەی ئەمرِۆش بەرهەمی هەڵوێست و پرەنسیپەکانی ئەوانە. پێچەوانەی ئەم هەڵوێستە دەبینین ناپلیۆنیش هەر لەو سەردەمەدا ژیاوەو دەسکەوتی مەزنیشی بۆ فەرِەنسا بەدەستهێنا، بەڵام لەبەر ئەوەی خواستی ببێتە ئیمپراتۆر لەسەر ئەو دەسکەوتانە بووە قوربانی نیازەکانی خۆی. من بێگومانم ئەگەر ئەمرِۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی و سەرۆک کۆماری ئێراق جەلال تاڵەبانی جێگیرکردنی پرەنسیپە دیموکراتیەکان بەبنەما بگرن و مانەوەی خۆیان و کەسوکارو بنەماڵەکەیان و پارتەکەیان لەدەسەڵاتدا نەکەنە شتی سەرەکی دەتوانن پێش لەم کارە ناشارستانیانە بگرن و پرەنسیپەکانی دیموکراتیش جێگیر دەبێت و ئەمەش وەکو

سەروەری بۆ خۆیان و پارتەکانیان و بنەماڵەکانیشیان دەمێنێەوە. ئەو کاتە سیستەمی دیموکراتی و بنەماکانیشی جێگیر دەبێت.

2009-7-28

له پێناوی دەستورێکی باشتردا

ئەم نوسینه هەوڵدانێکه بۆ بەشداریکردنێکی پۆزەتیڤ له داڕشتنی دەستوری هەرێمی کوردستاندا و هیوادارم هەلیژنەی داڕشتنی دەستور و هه لایەنه پەیوەندیدارەکان وجەماوەریش له دەنگداندا به هەندی وەربگرن . من لێرەدا نامەوێت زۆر له سەر پێویستی دەستوور و گرنگی دەستوور قسه بکەم ، هەروەها نامەوێت زۆر لەسەر گرنگی جێبەجێکردنی مادده و بڕگەکانی دەستوور قسه بکەم ، ئەوەی جێگەی بایەخی منه ئەو پڕۆژەیەیه که لیژنەی یاسایی و لیژنەی داڕشتنی دەستوور له پەرلەمانی کوردستان ئامادەیان کردووه و پێشکەشی ڕای گشتی و پارت و ڕێکخراوو دام و دەزگاکانیان کردووه.
یەکەم :
سەرەتا دەمەوێت لەسەر دیباجەکه قسه بکەم ، به ڕاستی دیباجەکه کەمێک درێژه و لەگەڵ ئەوەی که دریژه کەچی وەکو پێویست باس له هەندێ خاڵی گرنگ نەکراوه یاخود زەق نەکراوەتەوه ، بۆ نمونه له دیباجەیەدا ئەوەندەی لەسەر مەسەلەی مێژوویی هەڵوەسته کراوه( من ناڵێم ئەمه پێویست نییه ) زۆر گرنگی نەدراوه به مەسەلەی یاسایی و باسکردنی ئەو لایەنەی که هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵەو یەکێک له بنەماکانی هەرێمی فیدراڵیش بوونی دەستوورێکه بۆ ڕێکخستنی کاروباری هەرێمەکه له هەموو بوارێکدا ، له هەمان کاتدا ئێمه هەموو دەزانین هێندەی داگیرکەران زیانیان له دۆزی کورد داوه ، چەمکی ناوەندێ